# دواگۆڕانکارییەکان لە کوردستانی باکور و پرۆژەی ڕێکەوتنی (پ.ک.ک) و دەوڵەتی تورکیا

**دیمانە لەگەڵ "ئەمیر حەسەنپور"**

وەرگێڕانی: کەیوان نوری

- **پرۆژەی ئاشتی و چارەسەری لە نێوان دەوڵەت و سوپایی تورکیا لەگەڵ (پ.ک.ک)دا تا چ ئاستێک بە بەشێک لە پرۆژەیەکی گەورەتری ناوچەیی و نێودەوڵەتی دەبینن؟ وا دێتە پێشچاو دامێنی ئەم پلانە و ئایندەی ئەمە تەنها تایبەت نەبێت بە فەزای ناوەوەی تورکیا و بەجۆرێک کەوتۆتە سەر ڕێگایپرۆژەیەکی فراوانتری ئیمپریالیستی لە هەموو ناوچەکەدا؟**

**ئەمیر حەسەنپور:** لەبارەی ئەم پرۆژەوە قسە و باسێکی زیاد کراوە و هەڵسەنگاندنە پێشکەشکراوەکان شەبەنگێک درووستدەکەن کە لەلایەکەوە ئەمە بە (هەنگاوێکی مێژوویی) دەدەنە قەڵەم و لە لایەکی دیکەشەوە بە (خیانەت). بەڵام بەم مانایە و لە چوارچێوەی تیۆرەکانی دەوڵەت-سەنتەر و ناسیۆنالیستیدا ناتوانرێت شرۆڤەیەکی تەواوی بۆ بکرێت. لێرەدا گومانی تیادا نیە کە ئەم گۆڕانکارییە تەنیا مەسەلەیەکی ناوخۆیی تایبەت بە تورکیا نیە و ڕەهەندی ناوچەیی و نێودەوڵەتیی هەیە. بەڵام گفتوگۆی بنەڕەتی لەسەر چۆنیەتیی مامەڵەی ناکۆکییە ناوخۆیی و دەرەکییەکانە، کە دەستپێکردنی ئەم پرۆژەیەی ڕەخساندووە.

لە ئاستی دەوڵەتدا، ناکۆکی لەنێوان دەوڵەتی تورکیا و نەتەوەی کورد کە لە ساڵی ١٩٨٤ وە بە شێوازی جەنگ لەنێوان حکومەتی تورکیا و (پارتی کرێکارانی کوردستان)دا گەیشتووە بە بەرزترین ئاست، و بە باوەڕی ئۆجەلان لەڕێگای سەربازییەوە مایەی چارەسەر نیە. لەپاش سی ساڵ جەنگ، تورکیا کە دووەمین هێزی سەربازیی ناتۆیە، لەگەڵ تەواوی هاوکارییەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل و هەندێک لە دەوڵەتانی ئەوروپاییدا، نەیتوانی (پ.ک.ک) لە مەیدانی سیاسیی تورکیا و ناوچەکەشدا بسڕێتەوە. هەتا فڕاندنی عەبدوڵا ئۆجەلان لە (١٩٩٩) کە بۆ (پ.ک.ک) بە گورزێکی سەخت هەژماردەکرا، نەیتوانی جەنگەکە لە بەرژەوەندیی ئەنقەرە یەکلابکاتەوە. (پ.ک.ک) توانیی لە سێبەری ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە دوای جەنگەکانی ١٩٩١ و ٢٠٠٣ ی ئەمریکا دژی عێراق هاتەئاراوە، هێزی سەربازیی خۆی بپارێزێت و دەستبداتە خولێکی تازەی ڕێکخستنی سیاسی و تەشکیلاتی، و ڕێبەرایەتیی ئۆجەلانیش کە لە زینداندا بوو بەردەوامی پێبدات، و لە هەموو مەیدانەکانی(سیاسی و یاسایی، ڕاگەیاندن و بانگەشەیی و دیپلۆماسی) لە تورکیا و ناوچەکەدا ئامادەیی هەبێت و ئیدارەی هێز بکات. بەڵام ئەگەر تورکیا توانای لەناوبردنی (پ.ک.ک) و بزاڤی نەتەوەیی کوردەکانی تورکیای نیە، ئەوا (پ.ک.ک)ش توانای گۆڕینی سیستەمی تورکیا یان جیاکردنەوەی کوردستان لە تورکیا یاخود هەتا بەدەستهێنانی خۆبەڕێوەبەریی نیە. ئەمە تەنیا مەسەلەیەکی سەربازی نیە. لە لایەنی سەربازییەوە، جەنگی پ.ک.ک جەنگی پارتیزانییە نەک ((جەنگی خەڵک)) لە نمونەی ڤێتنام کە لە ماوەی چوار دەیەدا سێ هێزی گەورەی ئیمپریالیستیی یابان، فەڕەنسا و ئەمریکای تێکشکاند.

گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە، لە نمونەی هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی بەعس و درووستبوونی (حکومەتی ناوچەیی کوردستان) لە ١٩٩١دا، ڕووخانی بەعس لە ٢٠٠٣ و پشێویی سیاسی لە عێراق، و بەتایبەت جەنگێک کە زیاتر لە دوو ساڵە لە سوریادا دەگوزەرێت و حکومەتی ئۆردوگان چالاکانە بەشدارە تیایدا، بارودۆخێکی هێناوەتەئاراوە کە (پ.ک.ک) بە کەڵکوەرگرتن لێیان توانیویەتی هەژموونی خۆی لەنێو کوردەکانی سوریادا جێگیربکات، هەروەها (پ.ک.ک) گۆڕدراویشە بە قورساییەکی سیاسی و سەربازی گرنگی ئەوتۆ کە تورکیا و ئێران و هەموو وڵاتانی دیکەی ناوچەکە ناتوانن ئەو هێزە لەبەرچاو نەگرن.

دەبێت لەبەرچاومان بێت دژایەتییەک کە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئابووریی خەڵکی تورکیا لە نمونەی کوردەکانی ئەو وڵاتە دیاریدەکات، دژایەتیی کار و سەرمایە، دژایەتیی ژن و پیاو، دژایەتیی شار و گوندن. بەڵام دژایەتیی لەنێوان ئەنقەرە و پ.ک.ک (یان لە نێوان دەوڵەتی تورکیا و بزاڤی نەتەوەیی کوردستان) لە سی ساڵی ڕابردوودا هەموو پەیوەندییە چینایەتی و ڕەگەزییەکان، قەومی، پەیوەندییە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکانی تورکیای خستۆتە ژێر کاریگەرییەوە. یەکێک لەو پرسیارانەی کە دەتوانرێت بخرێتەڕوو، ئەمەیە: دەوڵەتی تورکیا کە بۆ ماوەی سی ساڵ کێشمەکێشی

(پ.ک.ک)ی تەحەمولکردووە، هەروەکو ڕژێمی سەدام کە بۆ ماوەی چل ساڵ (١٩٦١- ١٩٩١) زۆر لە ناوچەکانی کوردستانی عێراقی لەژێر کۆنترۆڵدا نەبوو، بەڵام لە هەمان کاتدا دەسەڵاتی بەسەر باقیی وڵاتدا پیادەدەکرد و بەهۆی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردەوە لەناونەچوو، بۆچی بەپێچەوانەی حکومەتی عێراقەوە ڕێگای گفتوگۆ و چارەسەری گرتۆتەبەر؟ چ هۆکارێک دەوڵەتی تورکیای بەهێزتر و سەقامگیرتری هێناوەتە سەر مێزی گفتوگۆ لەگەڵ ڕێبەری حیزبێک کە ماوەی پازدە ساڵە لە زینداندا ژیان بەسەردەبات؟

ئاشکرایە کە ئەم دوو ڕژێمە (عێراقی سەدام و تورکیای ئەمڕۆ) و هەلومەرجە مێژووییەکانی ئەوان جیاوازییەکی زۆریان هەیە، یەکێک لەوانە شوێنی تورکیایە لە سیستەمی نێودەوڵەتی و ئەو پاشاگەردانییەش کە ساڵەهایە بەسەر ئەم سیستەمەدا باڵادەستە. سیستەمی نێودەوڵەتی ئەمڕۆ کە هێزە ئیمپریالیستیە کۆنەکان، ئینگلتەرا و فەڕەنسا و ئەمریکا درووستیانکردووە، و دووبارە بە دوای دابەشکردنەوەی ناوچە داگیرکراوەکانی ژێر دەسەڵاتیانەوەن لە جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانیدا، ئەمڕۆ بەزۆری کەوتوونەتە ناو قەیرانەوە، و تایبەتمەندیی گرنگی ئەم پاشاگەردانییە، شپرزەیی، و ناجێگیریی ئابوری و سیاسییە. ڕکابەرە تازەکانی وەک چین و هندستان هاتونەتە مەیدانەکە و ڕوسیاش داوای پشکی خۆی دەکات. زیاتر لە دە ساڵ جەنگ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەیتوانی هەژموونی ئەمریکا بەسەر ئەم ناوچەیەدا جێگیربکات کە کلیلێکە بۆ باڵادەستی بەسەر جیهاندا. ماوەی پێنج ساڵە ئەمریکا و هاوپەیمانانی ئینگلتەرا و فەڕەنسا و ئەڵمانیا بێتوانایی خۆیان پیشانداوە لە چارەسەرکردنی قەیرانی سەرمایەداری و هێشتنەوەی سیستەمی نێودەوڵەتی. ئەمریکا جگە لە شێوازە کلاسیکیەکانی لە نمونەی جەنگ و داگیرکاری، ڕفاندنی تاکەکان، کوشتاری نایاسایی، کەڵکوەرگرتن لە زیندانی نهێنی، ئەشکەنجەش بەڕیوەدەبات، و بە وتەی مافناسێکی ئەمریکی (فیلیپ سندز) ئەمریکا و ئینگلتەرا بەردەوام یاسای نێودەوڵەتی پێشێلدەکەن کە هەر خۆیان دایانڕشتووە. بە هەبوونی ئەوانە و لەگەڵێشیدا کەڵکوەرگرتن لە تەکنەلۆژیای سەربازی، لە گرنگترین جەنگەکاندا ڕووبەڕووی شکست بوونەتەوە، کە لە دوو دەیەی کۆتاییدا لە عێراق و ئەفغانستان هەڵیانگیرساندوو. ئەمڕۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقا و زۆرێک لە ناوچەکانی دنیا لە ئاژاوە و ناسەقامگیرییدا دەژین. ئەگەر ئەمریکا بە ئاسانی ڕێبەرایەتیی بێڕکابەری کەمپی ئیمپریالیستی ڕۆژئاوای گرتبێتەدەست، ئەمڕۆ لەگەڵ مایەپوچبوونی ئابوری و سیاسیی یەکێتیی ئەوروپا و یابان و بەردەوامیی پەیوەستبوونیان بە ئەمریکا، دەستەی بەڕیوەبەري یان ڕابەریکردن دوچاری گرفتی جدی بوتەوە و توانای ڕێکخستنەوەی ئەم سیستەمەیان نیە. ئەم پاشاگەردانییە بەو شێوەیەی کە بانگەشەی بۆ دەکرێت بەهۆی تەکنەلۆژیای نوێی پەیوەندییەکان و ڕۆڵەکەی لە (لەناوبردنی سنورەکان)یان (ئاوابوونی دەوڵەت نەتەوە)دا نیە، بەڵکو **بەهۆی گەشەی ناهاوسەنگ و قەیرانی ئابوریی بەردەوام و بە ئێستاشەوە لە چارەنەهاتوی سەرمایەداری نیولیبراڵە**.

چ لە ڕابردوودا و چ لەمڕۆدا بەرهەمهێنان و بەرهەمهێنانەوەی سیستەمی ئیمپریالیستی پێویستی بە دابەشکردنی کار بووە لەنێوان لایەنەکان یان داڕێژەرانی ئەم سیستەمەدا، تورکیا لە ڕابردووشدا، بەتایبەت دوای جەنگی دووەمی جیهانی، یەکێک بووە لە گرێ کوێرەکانی سیستەمەکە و ڕۆڵێکی کارای گێڕاوە لە مانەوەیدا: لە ئەندامانی پەیمانی سەربازی ناتۆیە، یەکێک بووە لە سەربازگە سیخوڕییەکانی ئەمریکا دژی یەکێتیی سۆڤیەت، لە هێرشی ئەمریکا بۆسەر کۆریا و ڤێتنام چالاکانە بەشداریکردووە، لە بەرگریکارانی ڕژێمی سەهیۆنیستی بووە. لەم لایەنەوە تورکیا ماوەیەکی زۆرە ئەرکی سەرباز یان پاسەوانێکی سیستەمی ئیمپریالیستیی لە ئەستۆیە. لە بارودۆخی پڕ ئاژاوەی ئێستاشدا ناکۆکییەکی بچوکی بۆ دروستبووە لەگەڵ ئەمریکا لەسەر ڕۆڵی خۆی لە جەنگی ٢٠٠٣ دژی عێراق یا ناکۆکییەک کە لەگەڵ ئیسرائیل بۆی دروستبوو یان ماهیەتی ئیسلامی حکومەتی ئێستای، بەڵام هیچکامیان ئەم پەیوەندییەی لەکەدار نەکردووە. لەڕاستیدا تورکیا ڕۆڵی پۆتانشیڵێکی گەورەی کاریگەر لە هێشتنەوەی سیستەمی ئیمپریالیستیدا دەگێڕێت. جیا لە پێگەی جوگرافی و ستراتیژی(((جیۆستراتیژی))) هەستیاری، تورکیا بە دووەمین سوپای گرنگی ناتۆ دێتەهەژمار، وزەی مرۆیی و سروشتی تەواوی هەیە (جگە لە نەوت)، ئیسلامی (میانڕەو)ی پارتی دەسەڵاتدار لە تێڕوانینی ئەمریکا و یەکێتی ئەوروپادا ((مۆدێلی حکومەتی ئایدیاڵ))ە بۆ وڵاتانی ئیسلامی. بەڵام تورکیا بۆ ئەوەی دەورێکی کاریگەر بگێڕێت لەم هەلومەرجە قەیراناوییەدا پێویستی بە سەقامگیریی سیاسی و جێگیرکردنی توانای ئابوری هەیە. هەڵبەتە ئەو ڕۆڵەی کە تورکیا لەئەستۆیگرتووە تەنها ڕیشەی لە پێگەی ستراتیژی و جوگرافی(((جیۆستراتیژی))) و سەربازییدا نیە، لە فەزای ئایدۆلۆژیادا، پارتی دەسەڵاتدار (ر.ک.پ) کە دەسەڵاتی دەوڵەتی بەدەستەوەیە ئارەزووی ژیاندنەوەی ەردەمی ئیمپراتۆری عوسمانی دەکات هەتا ئەگەر بە فۆرمێکی (نوێ)ش بێت یاخود لە ڕووبەرێکی زۆر سنورداردا. پاش ڕووخانی ئیمپراتۆری عوسمانی لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا، ناسیۆنالیستە تورکەکان بە ڕێبەرایەتیی مستەفا کەمال (ئەتاتورک) خەلافەتی ئیسلامیی سوڵتانەکانی عوسمانییان هەڵوەشاندەوە و کۆماری تورکیایان پێکهێنا لەو ناوچانەی کە لە ئیمپراتۆری عوسمانی مابویەوە، و جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت بوو بە یەکێک لە پایە ئایدۆلۆژییە فەرمییەکانی دەوڵەتی کەمالیستی. حکومەتی (ا.ک.پ) لەکاتێکدا کە بەهەمان ڕادەی کەمالیستەکان ناسیۆنالیستە، لەلایەنی ئایدۆلۆژییشەوە لە هەوڵی ئاوێتەکرنی دین و سیاسەت و گرێدانی ناسیۆنالیزم و ئیسلامدایە. ئەم پرۆژەی ((عوسمانی نوێ))یەی تورکیا لەگەڵ پرۆژەی ((ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە))ی جۆرج بوش و ئارەزووی هەندێک لە سیاسەتمەدارانی ئەمریکا بۆ ((دارشتنەوەی نەخشەیەکی نوێی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست)) و هێنانەسەر دەسەڵاتی ڕژێمی ((ئیسلامیی میانڕەو))دا دەگونجێت. هەندێک لە سیاسەتمەداران و ژەنەراڵە خانەنشینکراوەکانی ئەمریکا لە کاتی ڕودانی جەنگی ١٩٩١ دژی عێراق و دوای ئەوە بەڕاشکاوی گوتیان کاتێک کە هێزە ئەوروپیەکان لە ساڵی ١٩١٨ سنورەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان

کێشا، ئەمریکا ئامادەیی نەبوو و بەرژەوەندییەکانی دابین‌نەکرا و ئەمڕۆ کاتی ئەوە هاتووە کە ئەمریکا ئەم سنورانە دوبارە بکێشێتەوە. بە زمانێکی تر، سیستەمی ئیمپریالیستی هەروەک ١٩١٤ و ١٩٣٩ پێویستی بە دابەشکردنەوەی ناوچە نیوەداگیرکراوەکان و ناوچەکانی هەیمەنە هەیە.

پیادە و پراکتیککردنی پرۆژەی عوسمانیی نوێ هەتا لە هەلومەرجێکی پڕ لە ئاڵۆزیی و ئاژاوەی وەک ئێستادا کارێکی دژوارە، تا ئەو جێیەی پەیوەندیی بە دۆزی کوردەوە هەیە، ئاشتی لەگەڵ (پ.ک.ک)دا ئەگەر بگاتە ئەنجام، ئەوا هاوکاریی سەقامگیریی سیاسی و ئابوریی تورکیا دەکات، و دەوڵەتانی ناکۆک لەگەڵ ئەنقەرەش لە نمونەی ئێران و ڕوسیا و سوریا بێبەشدەکات لە کەڵکوەرگرتن لەم ناکۆکییە. هەروەها دەشبێتە هۆی ئەوەی کە تورکیا لە لایەنی سەربازییەوە دەستی کراوەتر بێت. ئەگەر بێتەوە یادمان، هەر لە دوای کۆتایی جەنگی ئەمریکا دژی سەدام و دەرکردنی هێزەکانی لە کوەیت، کاتێک کە سەدام سەرکوتکردنی شیعەکان و کوردەکانی فراوانترکرد، هەندێ لە ڕێبەرانی کورد خواستی خۆیان خستەڕوو بۆ لکاندنی کوردستانی عێراق بە تورکیاوە، چونکە بە باوەڕی ئەوان، ژمارەی کوردەکانی تورکیا زیاددەکات و تورکیاش لەژێر فشاری یەکێتیی ئەوروپادا ناچاردەبێت مافی نەتەوەی کورد دابین‌بکات. لەکاتێکدا ئەم بەرنامەیە جێبەجێ نەکرا، لە جێگەی گرێدانی بە تورکیاوە حکومەتێکی خۆبەڕێوەبەری پێکهات، گۆڕانکارییەکانی دواتر بەتایبەت جەنگی (٢٠٠٣)ی ئەمریکا و دەرەنجامەکانی ((حکومەتی ناوچەیی کوردستان))ی گۆڕی بۆ هێزێکی ئابووری (نەوتی) و ناوچەی هەستیار. ئەمڕۆ تورکیا زیاتر سەرمایەگوزاریی ورد و گەورەی کوردستانی لەژێر دەستدایە و نەوتی ئەو ناوچەیە بۆ ئابوریی تورکیا و پرۆژەی سەربازی ڕۆڵێکی بنەڕەتی دەگێڕێت. لە هەمان کاتدا هەلومەرجی شلۆقی ناوچەکە دەرفەتی بە (پ.ک.ک)داوە کە لە کوردستانی سوریادا ببێت بە هێزێکی گەورە، لە ڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ ئەنقەرە و هەولێردا دەسەڵاتی خۆی ئەزموونبکات . لە هاوینی ٢٠١٢دا کاتێک کە((پ.ی.د_ پارتی یەکێتیی دیموکرات)) کە ((یەکێکە لە پارتە کوردییەکانی سوریا و لایەنگری پ.ک.ک)) ناوچە کوردنشینەکانی سوریای خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، هەم هەولێر و هەم ئەنقەرەش زۆر نیگەران بوون. پاشەکشێی هێزەکانی سوریا لە ناوچە کوردنشینەکان و دەسەڵاتی پ.ک.ک بەسەر ئەو ناوچەدا و هەژموونی لەناو کوردەکانی سوریا لە لایەکەوە دەتوانێت ئەنقەرە بخاتە ژێر فشارەوە تا پرۆسەی ئاشتی پشتگوێ نەخات و لەلایەکی دیکەشەوە دەرفەت بۆ پ.ک.ک دەڕەخسێنێت تا یەکخستنی بەشەکانی کوردستان بخاتەبەرباس. لەکاتێکدا کە پرۆژەی ئاشتی لە جدیترین شێوەی خۆیدا بەرنامەی بەشداریی کوردەکان یان وردتر بڵێن بۆرژوازیی کورد لە دەسەڵاتی سیاسی‌دا دەخاتەڕوو. هەلومەرجی شێواوی ناوچەکە دەنگۆی دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی (عێراق) و حکومەتی خۆبەڕێوەبەری لە سوریا و تەنانەت تێکەڵاوکردنی هەردوکیان لە دەوڵەتێکی کوردییدا هێناوەتە بەر باس. دەبێت ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە لە تورکیادا پ.ک.ک ساڵەهایە بە شێوازی

جیاواز لە ئاستێکی دیاریکراودا لە دەسەڵاتی سیاسیدا هاوبەش بووە. بۆ نمونە: ب.د.پ (پارتی ئاشتی و دیموکراتی) لە پەرلەمان ئامادەیی هەیە و یان ئامادەیی لە بەڕێوەبردنی شارەکاندا (لەڕێگەی شارەوانییەکانەوە) لە هەندێ شوێندا فراوانە. یەکێک لە ئامانجە بنچینەیەکانی ئەم پرۆژەیە ئەوەیە کە بیری شۆڕشگێڕی و بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی لەڕێگەی خەباتی چەکدارییەوە بخرێتە لاوە، و لەکاتی مانەوەی ئەو سیستەمەی کە هەیە، پ.ک.ک و بۆرژوازیی کورد لە ڕێگای پەرلەمانەوە لە دەسەڵاتی سیاسیدا بەشداری بکەن.

- **وا دەردەکەوێت کە لە پشت ئەم پرۆژەی سازشە سیاسییەی کە خەریکە دروستدەبێت، بنەمای ئایدۆلۆژی و تیۆری بوونی هەیە کە ئەم بنەمایە لە فەزایەکی دیاریکراوی سیاسی و ناوچەیی- جیهانیدا درووستبووە. سەرچاوە مێژوویی و فەرمییەکانی (پ.ک.ک) دەڵێن پاش چوونی ئۆجەلان بۆ زیندانی ئیمراڵی، واتا لە ساڵی ٢٠٠٠ دا ئەم پرۆژەی گۆڕانکاریی ئایدۆلۆژی و سیاسیە دەستپێدەکات و خودی ئۆجەلان لە کتێبێکی پێنج بەرگیدا کە لەژێر ناوی (شارستانیەتی دیموکراتیک)دا بلاویکردۆتەوە، ئەوەی فۆرمەلەکردووە و لەوێدا دەڵێت دەستمکرد بە دووبارە پێداچوونەوەی ئەزمونی سوسیالیزمی بنیاتنراو((ئەمری واقیع))(کە مەبەستی ئەزمونی سۆڤیەتە)ـە. هەروەها چەند گریمانەیەک بوونی هەیە لەبارەی وەرچەرخانی(پ.ک.ک) بەرەو ڕاستگەرایی. بۆ نمونە یەکێک لەوانە، باوەڕی وایە کە دوای داڕمانی یەکێتیی سۆڤیەت، ئەم ڕەوتەش وەک (ریڤیزیونیستەکانی Revisionist)ی دیکە بەرەو ڕاست وەرچەرخا. یان شیکردنەوەیەکی دیکە ئەوەیە کە لە ساڵی (٢٠٠٠)دا، واتا کاتێک کە دەنگۆی هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق و درووستکردنی دەوڵەتی کوردی لە عێراق دەگەیشتە گوێ، ئۆجەلانیش لەم دەرفەت و هەلە تێگەیشت و پاش ئەوە هەوڵیدا بە ئاراستەی هاوبەشبوون لەم بەرنامە و نەخشەیەدا کار بکات. ئایا ئێوەش پێتانوایە گریمانەیەکی لەم شێوەیە ڕاست بێت و ئەگەر ڕاستە، کامیان زیاتر کاریگەرتر بووە؟ شکستی سۆسیالیزم لە سەدەی ٢٠ دا، یاخود ئەو فەزایەی کە لە ئاستی ناوچەکەدا درووستبووە؟**

ئەمیری حەسەنپور: (پ.ک.ک)لە ڕەوتی خەباتی سیاسیی دەیەی ١٩٧٠ دا پێکهات و بە ناونیشانی (کرێکار) و بەرنامەی درووستکردنی کوردستانی گەورە و سوسیالیزم و مارکسیزم –لینینیزم و بە ئارمی چەکوش و داسەوە هاتە ناو مەیدانی خەبات. ئەم پارتە لە ماوەی سی و پێنج ساڵی خەباتی خۆیدا هەم کاریگەریی لەسەر بارودۆخی سیاسیی کوردستان و ناوچەکە داناوە و، هەم کاریگەرییش بوو بە گۆڕانکارییە گرنگەکانی لە شێوەی کودەتای بورژوازی لە چین لە ١٩٧٦، داڕووخانی بلۆکی

سۆسیالئیمپریالیستی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٨٩ تا ١٩٩٢، و بەدەسەڵاتگەیشتنی تیۆکراسیی ئیسلامی لە ئێران، و جەنگەکانی ئەمریکا دژی عێراق. **بەڵام بە باوەڕی من نابێت (پ.ک.ک) بە ڕەوتێکی کۆمۆنیستی بدەینە قەڵەم، جا چ لە سەرەتای سەرهەڵدانیەوە بێت یا لە گۆڕانکارییەکانی دواتردا.** سۆسیالیستیبوون یا کۆمۆنیستیبوونی حیزبێک یان کەسێک زیاتر لە هەر شتێک پەیوەستە بە ڕێبازی سیاسی و ئایدۆلۆژیی ئەو حیزبە یان ئەو کەسە، نەک بە ئینیتما و پێگە یان کرێکار بوونی ئەندامانی یا ڕێبەرەکەی. (پ.ک.ک) وەک بزاڤێکی چەپ لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستانی تورکیادا دەرکەوت، هەروەک ئەوەی کە (( کۆمەڵەی مارکسی_ لینینی)) لە کوردستانی عێراق و ((ڕێکخراوی شۆڕشگێڕیی زەحمەتکێشانی کوردستان)) لە کوردستانی ئێراندا لە هەمان دەیەدا هاتنە ناو مەیدانی خەباتەوە. چەپبوونیشیان بەتایبەت لە دابڕانیان لە ڕێبازی فیودالی باڵادەستدا بوو بەسەر بزوتنەوەی نەتەوەیی، ئەم دابڕانەش هەم بەهۆی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی_ئابوریی کوردستانەوە بوو و هەم کاریگەر بە بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی نێونەتەوەیی، بەتایبەت"جیابوونەوەی گەورە"بە سەرکردایەتیی ڕێبەری حیزبی کۆمۆنیستی چین. بەڵام لەکاتێکدا کە ڕێبازی (پ.ک.ک) و هەردوو کۆمەڵە بە گۆڕانکارییەکی گرنگ لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان هەژماردەکرێت، وەرگەران بەرەو چەپی ئەم بەشەی بزووتنەوەی نەتەوەیی، واقیعێکی تایبەت و تاقانە و ئاوارتە نەبوو. لەڕاستیدا، لە دەیەی ٦٠ و ٧٠ زۆرێک لە ڕەوتە ناسیۆنالیست و بزووتنەوە ئازادیخوازە نەتەوەییەکان لە ئەفریقا و ئاسیا و ئەمریکای لاتین بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە لە مارکسیزم، لینینیزم و ماویزمەوە ئیلهام وەردەگرن. بۆ نمونە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بزاڤی فەلەستین و بزووتنەوەی ئازادیخوازی عومان و هەتا ((پارتی دیموکراتی کوردستان))یش کە لە حیزبی شوعی عێراقی جیابووبوویەوە و ڕەوتێکی تەواو ناسیۆنالیستی بوو، لە دەستور و کارنامەی خۆیدا ڕایگەیاندبوو کە ئیلهام لە مارکسیزم _ لینینیزم وەردەگرێت. بەڵام لەگەڵ هەبوونی زۆرێک لە شۆڕشگێڕانی شەیدای کۆمۆنیزم لەناو (پ.ک.ک) و هەردوو کۆمەڵەشدا، هیچ یەک لەم ڕێکخراوانە نەیانتوانی لە جیهانبینی سەرمایەداری و سیاسەتی ناسیۆنالیستی دابڕێن.

ئۆجەلان پێش دەستگیرکردنیشی، بۆ نمونە پێش لە ڕفاندنی کاتێک بۆ ماوەیەکی کەم لە ١٩٩٨ لە ئەورووپا بوو. پێشنیاری ئاگربەست و گفتوگۆی بۆ چارەسەری سیاسیی دۆزی کورد کردبوو. بێگومان هەلومەرجی زیندانیبوون سنوورداریتییەکی زۆر بۆ هەر خەباتگێڕێک درووستدەکات، ئەم سنوورداریتییەش کاریگەری لەسەر ڕێباز و بەرنامەی خەباتگێڕێک یان ڕێبەرێکی بەندکراو دادەنێت. زیندانەوان، واتا حکومەت، ئەوە دیاریدەکات کە زیندانی چ شتێک دەخوێنێتەوە یا ناخوێنێتەوە، چ شتێک دەبیستێت یا دەبینێت، کامە قسە و فیکر ڕێگەی چوونەدەرەوەی زیندانی پێدەدرێت. بەڵام هەڵەیە ئەگەر گۆڕانکاریی ئاراستەی ئەم بەندکراوە ئاوارتەیە بە کۆت و بەندەکانی زیندانەوە ببەستینەوە. ئەو خۆی لە یەکێک لە کتێبەکانیدا بە ناونیشانی ((مانیفێستۆی چارەسەری

دیموکراتی دۆزی کورد)) کە لە ساڵی ١٩٩٩ بڵاوبۆتەوە، نوسیویەتی ماوەیەکی زۆر بەر لە زیندانیکردنی، لە مارسی (١٩٩٣)دا ئاگربەستی ڕاگەیاندبوو، هەروەها لە زۆر جێگای دیکەشدا گفتوگۆکردنی بۆ چارەسەری دیموکراتیانەی دۆزی کورد پێشنیاری کردبوو. لە هەمان نوسراودا دەربارەی ڕووخانی بلۆکی سۆڤیەت ئاشکرایدەکات کە (( ئیستا کە بە کۆتایی سەدەی بیستەم دەگەین، سەرکەوتن لەم دیموکراسییە کە بەشێوەیەکی بەردەوام بەرەو کەماڵ دەچێت)) و ئەمریکا و ئینگلتەراش نمونەی مێژوویی ئەمەن. ئەو لەم نوسراوەدا ئەزمونی سۆسیالیزم لە سەدەی بیستدا بە ((توتالیتاریزمی یەکسانیخوازی پەرگیر)) ناو دەبات و باوەڕی وایە کە هەروەک ((تۆتالیتاریزمی خنکێنەری فاشیزم و ناسیۆنالیزمی بۆرژوازی)) شکستیهێناوە و هەروەها لە چوارچێوەی دیموکراسی چۆتەدەرەوە. لە ئاشکراکردنی ئەم تێڕوانینانە و زۆرێک لە نوسینەکانی دیکەشیدا ڕوونە کە ئۆجەلان لەبری ڕەخنەی مارکسییانە لە گەڕانەوەی بۆ سەرمایەداری بۆ سۆڤیەت (١٩٥٦) و چین (١٩٧٦) هەموو ئەزمونی سۆسیالیزم لە سەدەی بیستەمدا ڕەتدەکاتەوە و لە کامڵکردن و چاکسازیکردنی دیموکراسیەتی بۆرژوازیدا بە دوای ئایندەدا دەگەڕێت.

لەکاتێکدا کە ((وەرچەرخان بەرەو ڕاست)) لەوانەیە بە درێژایی چالاکیی هەر ڕێکخراوێکی سیاسی ڕووبدات. پرۆژەی ئاشتی لە نێوان (پ.ک.ک) و ئەنقەرەدا ناتوانرێت لە چوارچێوەی وەرچەرخانێکی لەم شێوەیەدا شرۆڤەبکرێت، هەر ڕێکخراوێکی سیاسی لە دۆخی خەباتدا دەتوانێت لە هەلومەرجێکدا گفتوگۆ ئەنجامبدات، بەڵام ئەوەی کە گرنگە ئامانجی گفتوگۆ و ئاراستە و ڕێبازی ڕێکخراوەکەیە. گفتوگۆ و دوژمنایەتی یان جەنگ و ئاشتی دوو دیاردەی جیا لە یەکتر یا دژبەری یەکتر نین بەڵکو لە پەیوەندییاندا دەکەونە ناو یەکێتیی دژەکانەوە. لە هەندێ دۆخدا ڕێککەوتنی باش، زەرووری و بگرە هەنگاوێکیشە بۆ پێشەوە، بەڵام ئەگەر لە خزمەتی بەردەوامیداندا بێت بە خەبات نەک کۆتاییپێهێنانی. بزووتنەوە ***ناسیۆنالیستیەکان ئایدیاڵ و ئامانجیان درووستکردنی دەوڵەتی نەتەوەییە لە چوارچێوەی سیستەمی سەرمایەدارییدا***، ئەگەر بزانن بە ئامانجێکی وەهاش ناگەن ئەوا بە خۆبەڕێوەبەری و وەرگرتنی مافی نەتەوەیی و هاوبەشی لە دەسەڵاتی سیاسیدا ڕازیدەبن. لە بارودۆخی ئێستادا، بزووتنەوە نەتەوەییەکان بە پەیڕەویکردن لە پێویستییە فیکری و چینایەتییەکانی خۆیان، لە باشترین حاڵەتدا، لە بیری دەستڕاگەیشتن بە دیموکراسیەتی بۆرژوازی و ڕیفۆرمی ئەوەدان لەڕێگەی گەڕانەوە بۆ ئایدیاکانی سەردەمی ڕۆشنگەری ((واتا سەردەمی شۆڕشی بۆرژوازی بۆ گەیشتن بە دەسەڵات لە سەدەی ١٨)). ئەم دیموکراسیەتە هیچ نیە جگە لە ((سیستەمی ماف))، ((دەسەڵاتی یاسا))، ((حکومەتی پەرلەمان))، ((هەڵبژاردنی ئازاد))، ((مافی شارنشینی)) و هەموو خەسڵەتەکانی سیستەمی یاسایی _ سیاسی سەرمایەداری.

- **ئاشکرایە کە ڕێبەرایەتیی (پ.ک.ک) و بە تایبەتیش کەسایەتی عەبدوڵا ئۆجەلان لە شەووڕۆژێکدا بەم شرۆڤانە و کۆکردنەوەیان نەگەیشتووە و تیڕوانینەکانی لەسەر بنەمایەکی تیۆریی دیاریکراو سودمەندە، و پرۆسەیەکی بڕیوە تاوەکو ئەمڕۆ بەو خاڵەی ئێستا گەیشتووە. تایبەتمەندییەکان و ناوەندە بنچینەییەکانی ئەم پرۆسەی گۆڕانکارییە چیە. تەوەرە سەرەکییەکانی ئەم پرۆسەی فۆرمگۆڕین و وەرچەرخانە چیە؟ ئایا لە تیۆر و بیری سیاسی (پ.ک.ک)دا لەسەرەتاوە ئاماژەیەکی لەم شێوەیەی وەرچەرخان بەرەو ڕاست، بوونی هەبوو یاخود لە جێگایەکی دیاریکراودا بەم خاڵە گەیشتووە؟**

ئەمیری حەسەنپور: ئۆجەلان لە ماوەی سی و پێنج ساڵی چالاکیی (پ.ک.ک)دا زیاتر لە پازدە هەزار لاپەڕە بابەتی نوسیوە و دەتوانرێت بەوردی بەدوای گۆڕانکارییە فیکرییەکانیدا بچیت، ئەگەرچی لە یەک دیمانەدا تەنها دەتوانرێت تەنیا ئاماژە بە سەرەکییترین سەربابەتەکانی بکەیت. چ لەبارەی ئۆجەلانەوە و چ لە بارەی ئەوانی دیکەوە. پشتگوێخستنی سۆسیالیزم یا کۆمۆنیزم و باوەشکردنەوە بۆ دیموکراسیەتی بۆرژوازی ڕیشەی لە لایەنی فیکری و زەینیدایە واتا هۆشیاری، و هۆشیاری هەمیشە لە پەیوەندییدا بە مادەوە یا هەلومەرجی مادییەوە مانای خۆی وەردەگرێت. هەلومەرجی مادی گۆڕانکارییە فیکرییەکانی ئۆجەلان جۆراوجۆرە کە یەکێک لەوانە داڕمانی بلۆکی سۆڤیەتە کە ڕۆشنبیرانی بۆرژوازی ئەوە وەک سەرکەوتنی سەرمایەداری و لەناوچوونی یەکجارەکیی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم پیشاندەدەن و، بەپێچەوانەشەوە کۆمۆنیستەکان بە پێشوازیەوە چوون، چونکە لەڕاستیدا سیستەمێکی سەرمایەداری بوو بە دەمامکی سۆسیالیزمەوە. بە داڕمانی بلۆکی سۆڤیەت، ئومێدی زۆرێک لە بزووتنەوە نەتەوەییەکان کە بە دژایەتی هەردوو هێزی ئیمپریالیستی ئەمریکا و سۆڤیەت دڵیان خۆشکردبووگۆڕا بۆ نائومێدی. لەڕووی هۆشیاری و ئاگاییشەوە، ئۆجەلان هەر لە سەرەتای خەباتەوە، تێگەیشتنێکی مارکسییانەی بۆ ماهیەتی سەرمایەداری و سۆسیالئیمپریالیستیی سۆڤیەت نەبووە و مایەی سەرسوڕمان نیە کە داڕووخانی بلۆکی سۆڤیەت بە کۆتای سۆسیالیزم بداتەقەڵەم. بەڵام لە دیدی مارکسیزمەوە، سۆسیالیزم لە سۆڤیەت نەک لە سەرەتای دەیەی ٩٠ دا بەڵکو سێ دەیە پێش ئەوە و لە کودەتای (خرۆشۆڤ)لە ساڵی ١٩٥٦دا شکستی هێنابوو، ئەم شکستە لەگەڵ کودەتای سەرمایەداری لە (چین) لە ساڵی ١٩٧٦ یاساکانی خەباتی چینایەتی ڕۆشندەکاتەوە نەک سەرکەوتنی سەرمایەداری و ((کۆتایی مێژوو)). لەم لایەنەوە بۆ کۆمۆنیستەکان مانای داڕووخانی ئەم بلۆکە نەک چۆکدادان لە بەرامبەر سەرمایەداری بەڵکو هاندەرێکی ئاگایانەترە بۆ لەناوبردنی ئەم سیستەمە. ئەزمونی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لە سەدەی بیستدا، هەم شکستەکانی و هەم سەرکەوتنەکان، زیاتر هۆشیاریی مارکسییانەی بەرەوپێشەوە برد، بەڵام کۆتاییەک بۆ دژایەتی ئاگایی و مادە چاوەڕوان ناکرێت، سەرمایەداری لەسەر شانۆی شۆڕشی تەکنەلۆژیای بەردەوامی دەیەکانی دوایین، ماوەیەکە کەوتۆتە ناو قەیرانێکی جدییەوە، نەک تەنیا

کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەڵکو مانەوەی سرووشتیشی خستۆتە مەترسییەوە. بۆ بزووتنەوەی کۆمۆنیستی کۆتاییهێنان بەم پرۆسەیەی لەناوچوونی کۆمەڵگا و سرووشت لە چوارچێوەی سیستەمی سەرمایەداری یان گەڕانەوە بۆ سیستەمەکانی پێش سەرمایەداری شتێکی مومکین نیە. ئەمڕۆ سنوری خەباتی خەڵکانی دونیا دژی ئەو هەلومەرجەی لەئارادایە فراوانە، ڕێگری بنچینەیی لەڕووی ئاگاییەوەیە، واتا لە ڕێبازی سیاسی و ئایدۆلۆژی. پیاوانی دونیا_ ژنان، کرێکاران، گوندنشینان، زەحمەتکێشانی شار، کەمینەکان...مەیدانی خەبات چۆڵناکەن. بەڵام ڕێبەران لە لایەکی دیکەوە ئەوان دەکێشنەوە ناو پەیوەندییەکانی سەرمایەدارییەوە. **تێگەیشتنی نامارکسیانە لە ناو نوسینەکانی ئۆجەلاندا هەمە لایەنەیە. بۆ نمونە، ناتوانرێت گرنگترین سەرچاوەی تیۆری مارکسیستی لەناو کتێبەکانی ئەودا بدۆزیتەوە.** من تەنیا ناونیشانی هەندێک لەو بابەتانە ڕیزدەکەم: ئەوەی کە ئامانج کۆمۆنیزمە نەک سۆسیالیزم، سۆسیالیزم کۆمەڵگای ڕاگوزەرە، تێپەڕین لە سەرمایەدارییەوە بۆ کۆمۆنیزم، سەرتاسەری ماوەی سۆسیالیزم کە ماوەیەکی دوورودرێژە چینەکان بوونیان هەیە و ململانێی چینایەتیە کە شکست یان سەرکەوتنی تێپەڕینەکە دیاریدەکات، سۆسیالیزم بە گرتنەدەستی دەسەڵاتی سیاسی بەئەنجاماناگات، بەڵکو دەستپێدەکات، هەر هەنگاوێک کە بۆ سنوردارکردنی پەیوەندییەکانی سەرمایەداری بنرێت خەباتی چینایەتیە، بنیاتنانی سۆسیالیزم و تێپەڕین بەرەو کۆمۆنیزم پرۆسەیەکی بەشداریی ئاگایانەیە لە واقیعی مادییدا، سەرمایەداری هەرگیز خۆبەخۆ بە سوسیالیزم ناگات و چینی سەرمایەدار و دەوڵەتەکەی ڕێکخراوترین کۆسپن لەبەردەم پێشڕەوی بەرەو سۆسیالیزم، بە دەوڵەتیکردنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بە مانای سۆسیالیستیکردن نیە، **تاکی کرێکار بەبێ هۆشیاریی چینایەتی جگە لە بۆرژوازێک زیاتر هیچی تر نیە**، خەباتی کرێکار بۆ هەقدەست و باشکردنی هەلومەرجی کار دەچێتە چوارچێوەی پەیوەندییەکانی بۆرژوازیی کڕین و فرۆشتنی هێزی کارەوە، دیکتاتۆریەت بە مانای زۆرداری، زۆرەملێیی، دەسەڵاتخوازی و ملهوڕی نیە ((ئەمە تێگەیشتنێکی لیبراڵیانەیە بۆ ئەم چەمکە))، بەڵکو فۆرمێکی پیادەکردنی دەسەڵاتی چینێکە بەسەر چینێکی تردا، بەم مانایە دیکتاتۆریەت لەگەڵ دیموکراسیەتدا دژی یەکتر نین، بەڵکو پێکەوە دوو شێوازی پیادەکردنی دەسەڵاتی یەک چین پێکدەهێنن. دەوڵەت و حیزب، لە نمونەی حیزبی کۆمۆنیست و دەوڵەتی سۆسیالیستی، هەردووکیان دیاردەی کۆمەڵگای چینایەتین و لەناوچوونی هەردووکیان پێشمەرجی تێپەڕینە لە کۆمەڵگای چینایەتیی سۆسیالیزمەوە بەرەو کۆمەڵگای بێچینی کۆمۆنیزم، لەکاتێکدا کە دەوڵەت و حیزب دیاردەی چینایەتین، تێپەڕین لە سۆسیالیزمەوە بەرەو کۆمۆنیزم بەبێ ڕێبەری حیزب و دەوڵەت شتێکی مومکین نیە و ئەمە ناکۆکییەکە کە لە سەردەمی مارکسدا و لەناو بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لەبەرامبەر ئەنارشیزمدا ناسراوە، بەڵام ماهیەتی ئەمە هێشتایش بۆ زۆرێک هەر ڕوون نیە.

ئەگەر لە سەرەتای کاری (پ.ک.ک) تێگەیشتنی نامارکسیانە لە سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم پرۆسەیەکی سەرەکی بوو، [بەڵام] لە ساڵانی دواتری ئیمراڵی پشتگوێخستنی مارکسیزم پرۆسەیەکی سەرەکی بوو. ئەمەش تەنیا بەهۆی هەلومەرجی زیندانەوە نیە. ((جەمیل بایک)) کە تا ماوەیەک لەمەوپێش فەرماندەی سەربازیی (پ.ک.ک) بوو، لە پێشەکییەکدا کە بۆ یەکێک لە نوسینەکانی ئۆجەلانی نوسیوە، ئاماژە بۆ ئەم پرۆسە گۆڕانکارییە فیکری و پراکتیکییەی حیزب و ڕێبەرایەتی دەکات:

«شرۆڤەکانی ئۆجەلان تێڕوانینێکی نوێی لەبارەی کاریگەریی دوولایەنەی دیموکراسی و کۆمەڵگا لەلایەک و سۆسیالیزم لەلایەکی دیکە خستەڕوو. تێڕوانینی ئەو لەبارەی پێشخستنی بنەماکانی کۆمەڵگای مەدەنیی دیموکراتی، پێداچوونەوەی بنەما و کۆڵەکەکانی (پ.ک.ک)ی کرد بە پێویستی... بەریەکەوتنێکی توند لەناو (پ.ک.ک)دا دروستبوو دەربارەی نوێکردنەوەی فیکر و ئایدۆلۆژیا. ***ئێستا ئایدیاکانی مارکس، ئەنگلس و لینین لە گۆشەنیگای جیاوازەوە تەماشا دەکرێت.*** ئەو بنەمایەی کە ڕێزی لێدەگیرا دەبوو بخرێنە ژێر پرسیارەوە... نوێکردنەوە بەو مانایە نیە کە ئێمە سۆسالیزممان وەک ئامانج وەلاوەناوە، بەپێچەوانەوە، ئیمە ئەم پرۆسەیە ناودەنێین قوڵبوونەوەی باوەڕەکانمان. بردنەژێرپرسیاری ڕادیکاڵی دەوڵەت وەک ئامرازی دەسەلات هاوشانی گومانکردنمان لە پێگەی (پ.ک.ک)وە سەرچاوەیگرتووە. دەوڵەت بە هۆی جەوهەرەکەیەوە لە دژایەتیدایە لەگەڵ کۆمەڵگا و دیموکراسیدا. لەبەر ئەمە شتێکی لۆژیکییە کە دۆکترینی سۆسیالیزمی کلاسیک، دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا بخرێتەلاوە، لە کۆتاییشدا بە تێگەیشتنێک لە سۆسیالیزم دەگەین کە چیتر ئەرگۆمێنت و پێگەی دەوڵەت_سەنتەر بەکار ناهێنێت. واتا ئێمە گەیشتوینەتە ئەو باوەڕەی کە سۆسیالیزم ناتوانێت لە چوارچێوەی دەوڵەتدا دروستببێت. لە دەرەنجامدا (پ.ک.ک) لە ئامانجی پێشووی خۆی کە (دەوڵەت_نەتەوە) بووە بۆ نەتەوەی کورد چاوپۆشیکرد و بڕیاریدا دۆزی کورد بە شێوازێک چارەسەربکات کە ئەو سنورانەی هەیە دەستکاری نەکات. سیاسەتی ئێمە ئیدی بەدەستبەسەراگرتنی دەسەلات یان دەوڵەت کە تا ئێستا نیشانەی زەرووری شۆڕشێکی سەرکەوتوو بووە بەدەستنایەت...»١

بەم شێوەیە، بە تێگەیشتنێکی لەم چەشنەی پەیوەندیی نێوان دەوڵەت و شۆڕش ئەو ئەگەرە دێتەئاراوە کە لە چوارچێوەی سیستەمی سیاسی، ئابوری و کۆمەڵایەتیی تورکیا هەم مەسەلەی نەتەوەیی چارەسەربکرێت و هەم دیموکراسی و سۆسیالیزمیش بێنەبوون.

سەرچاوە:

- http://cpimlm.com/showh3.php?Id=569&p=65